کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 2:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تۆقاندنی نیوەی کۆمەڵ... سەرنجێک لەسەر بابەتەکەی خاتو مەهاباد قەرەداغی و 2 پێشنیار ... سیروان مەحمود

هۆڵەندا



کاتێك شیکردنەوەیەکی بابەتی بۆ ڕووداوەکان دێتە بەر چاومان و لە میدیاکان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆدەردەکانمان دەبینین ئەوا بێگومان گەشبین دەبین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و لە حەسرەتی قسەوباسی بێ سەروبەری حەساسیەتی فیکری و حیزبی دوردەکەوینەوە، ئومێدێکی باشترمان لا پەیدا دەبێت بەرەو هەڵسەنگاندی بابەتی ڕووداوەکان ودۆزینەوەی ڕێگای گونجاو بۆ وەلاکردنی کێشەکانی کۆمەڵەکەمان.

ئەمرۆ برینەکانی کوردستان زۆرن، پەنجە خستنە سەر هەر برینێك قسەی زۆر هەڵدەگرێ و شیکردنەوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، بۆیە پەنجە خستنە سەر برینێك و هەوڵدانی شیکردنەوەی دەبێت بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەر و تیمارکردنی برینەکە بێت، دەبێت ئەم مەبەستە ش ئاسۆی نووسینە زانستییەکان بێت و خاوەن خامە بابەتیەکان لەنێو ئەم بازنەیەدا بجولێنەوە و لە ئاکامیشدا خەرمانی بەسوود وەدەست بێت وگەشە بە تیۆری هەڵسەنگاندنی بابەتی بدرێت.

لە شیکردنەوەی ئەکادیمی ڕووداوەکان بۆمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سوود بەخش دەبێت زۆر بەهەستیاری مامەڵە لەگەل کەرەستەکانی بابەتەکان بکرێت و دوربینانە ڕەوشەکە هەلسەنگێنرێت، دووربێت لە فاکتەری کەشی تایبەتی و دەوروپشت و پێویستە دارشتن و خستنە بەرچاوی بابەتەکان بۆ بروا پێکردنی خوێنەر و خاوەن مەبەستەکان ڕوون بێت ولێڵی نەیەتە سەرمەبەستەکان، لە ئەمرۆی کوردستاندا لە دەرگادانی ماڵە حیزبییەکان بە بێ هۆیەکی مەنتقی ئەوا فاکتەرێکی زەرەر بەخش دەبێت لە گەیاندنی ناوەرۆك و پەیامی شیکردنەوەکە هەر وەك چۆن خوێنەریش کە بەشێکی گرنگە لە گەیاندنی ئامانجی بابەتکە دوودڵ دەکات و دەیباتەوە دۆخی شەرە تیری حیزبی و لەمەبەستە ڕاستەقینەکەی خاوەن بابەتەکە بەگومان دەبێت و لەنیوەی خوێندنەوەکەدا توشی هەناسکە برکەی بروا بوون دەبێت و درزێك دەخاتە بروای خوێنەر بە خاوەن بابەتەکە ولە ئایندەدا پردی بروا بە هەڵسەنگاندنە بابەتیەکان لاواز دەبێت (کە ئەمە لە زۆر جاردا مەبەستی خاوەن بابەتەکە نییە) ، وەك بیری ئازاد کارێکی ئاساییە هەموو جۆرێ دەربرینێك لەسەر ڕوداوەکان هەبێت، بەڵام لە شیکردنەوە بابەتیەکان بۆ مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری زانستی کێشەکان ئەوا ئەو کێشانە دەبێت تەنها و تەنها وەك خودی ڕاستی بابەتەکە هەڵسەنگێنرێت و نەك لەسەر بناغەی بروای تایبەتی.

لێرەدا ڕوی دەمان لەو بەرێزانەیە، کەمەبەستیانە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی هەڵسەنگێنن وهەوڵ دەدەن ڕێگە چارەیەکی پراکتیکی بۆ دانێن، نەکەونە دووریانی بەکارهێنانی ووشەی دژە حیزبایەتی و بابەتەکانیان تێکەڵ نەکەن لەگەڵ سۆز و دیدی تایبەتدا لە ئاست ئایدلۆژیاکان یان ڕەفتاری ڕۆژانەی حیزبەکان لەبەر ئەوەی ئەو دوریانە گەر بابەتی نەبو ئەوا دەبێتە مایەی کزبوونی تینی گەیاندنی ناوەڕۆکی ئامانجە سەرەکییەکە، لەوانەیە بۆ هەندێك کەس دڵ خۆشکەر بێت بەڵام تەمێك دەخاتە سەر ناوەڕۆکی هەڵسەنگاندنە بابەتیەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 2:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەوەندەی بەئاگابم لە بابەتەکانی بەرێز (مەهاباد قەرەداغی) ئەوا بڕوای لا دروستکردوم کە هەوڵی بەرچاو ئەدات بۆ نزیککردنەوەی خوێنەر لە هەڵسەنگاندنی بابەتی و کار دەکات بۆ شیکردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکان و لە زۆربەی بابەتەکانی ڕێگای چارەسەر پێشنیار دەکات بۆ کێشەکان، وەلی زۆر جاریش لە بابەتەکانی دەکەوێتە گێژاوی ناردنی تیری دەربڕینی ڕوتوشکراوی بە سەلیقە لە ئاست جوڵانەوەیەکی سیاسی و هەمیشە لەو گۆشەیەدا ڕوی قسەی توندترە بەئاسۆی لایەك زیاتر لە لایەکی تردا، دیارە ئەمەش گەر بەرێزی بەئاگا بێت یان نا ئەوا زەرەر دەگەیەنێت بە بڕوای خوێنەر بە بابەتەکانی وئەوەش گوناهێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی کەسایەتی و بابەتی ئەم ستافە نوسەرانە دەبێت بە سپییەتی خۆی بمێنێتەوە و خەڵکان و خاوەن دەسەڵات بەچاوی بڕوا و بابەتی بمێنەوە لە ئاست هەڵسەنگاندنەکانیان و دەستپێشخەرییەکانیان.
لەدوا بابەتی مەهاباد خان لەسەرتاوانە دڕندانەکانی کوشتنی نارەوای ژنان (دادگای باڵای تاوانەکانی شەرەف.... . ) لەچەند تەوەرێك نووکی خامەکەی ئاراستەی چەکی یەك حیزب دەکات و وای دەردەبڕێت گوناە و دڕندەیی ئەو ڕەفتارە دواکەوتوە لە ئەستۆی ئەو حیزبەدایە و بەو مانایەشی ئەو حیزبە ترسناکە سەر ڕەوتی مەدەنییەت و بانگێشەی گەشەی کۆمەڵایەتی.... ئێمە پێمان وایە ڕەفتاری ئەو حیزبە و حیزبەکانی دیکەش ڕخنەی زۆر هەڵدەگرێ! بەڵام بۆ ڕووداوێکی ئاوەها هەستیار، بۆ شیکردنەوەی زانستی دیاردەکان دەبێت هزری بابەت زاڵ بێت بەسەر بیری تایبەت و بۆچونی تاك، وەکو تر سەرمان لێدەشێوێ و کەسیش نازانێت شایەتمان بە چی هەڵسەنگاندنێك بنێت و متمانە بە چی نوسەرێك بدات لە بڕوای بە شیکردنەوەی بابەتی و گەران بەدوای هەنگاوی پراکتیکی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.

دیاردەی دوژمنکاری ژن کوشتن، دیاردەیەکی دواکەوتوی کۆمەڵایەتییە، ڕەگو ڕیشەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی کۆن و فاکتەرە ئایینی و عەشایریەکان ڕۆلی هەرە سەرەکی دیوە لەپیادەکردنی ئەو دیاردە دڕندانەیە، لە دۆخی ئێستای کوردستاندا بارە سیاسییە نالەبارەکە زەمینەی بۆ زۆر دیاردەی نارەوا خۆشکردووە و دەشتوانین بڵێین دیاردەی توندوتیژی بەگشتی بەرهەمێکی خراپی ساڵانی نائارامی کوردستانە و پاش ڕاپەڕین لە زۆر کاتدا ئەو توندو تیژییە پەرەی سەندووە و بێگومان مرۆڤی کورد باجی خەملاندن لەو کەشە ئەدات، وەلی ژن کوشتن دیاردەیەکی حیزبی نییە و بەرنامەی هیچ حیزبێك توندوتیژی بەرامبەر ژن لە خۆ نەگرتووە، چما بە کلاشنکۆفی بیرێکی ئەنتەرناشناڵی پێی بکوژرێت!، پێمان وایە لە پاڵ فاکتەرە بابەتیەکان ئەوا فاکتەری خۆیی، بیرتەسکی خودی مرۆڤ، ڕادەی ڕۆشەنبیری تاکی ناوچەکە، عورف و کەلتورە دواکەوتوەکەی، بەگشتی کەشی ناوچەکە پێوەرە بۆ ئەو دیاردە دواکەوتوە، لە ئامارەکانیش بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەو دیاردەیە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە.

خامەی خاتو مەهاباد بابەتییە و کۆششی دیارە لە بنیاتنانی دیواری ماڵی مەدەنی کوردی، ئێمەی خۆلیای بیری مەدەنییەت مافی خۆمانە سەرنجمان هەبێت لەسەر ئەو جۆرە خامانە لەبەر ئەوەی هەنگاوی نموونەییان وەرگێرانی ڕاستی دەرون و بیری خەڵکی پێشکەوتوخوازە ڕوو لە بەدیهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی بە ڕێژە هاوچەرخ، هەر بۆیە بە ئەرکی خۆمان زانی سەرنجی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنە بابەتیەکان و شیکردنەوە ئەکادیمیەکان تێکەڵ نەبن لەگەڵ دەربڕینە ئازادەکان و بیرە تایبەتەکان کە مافی تایبەتی هەمو مرۆڤێکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.



پێشنیاری بەرێزی لە پێکهێنانی دوو دەزگای کاریگەر بۆ کارکردنی جیدی لە پێناوی بنبرکردنی ئەو گوناهەی دەرهەق بەژن ئەنجام ئەدرێت جێگای ستایشە و سەرەتای هەنگاوێکی پراکتیکی گرنگە گەر حکومەت کاری پێ بکات، دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو داخوازییە و جێگای خۆیەتی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە هەند وەریبگرن و کار بکەن بۆ بەدیهێنانی، لێرەشدا دوو پێشنیار دەخەمە سەر خاڵەکانی ئەو دوو دەزگا پێشنیارکراوە و ئومێدەوارم بەئاقاری دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە بێت:

1. دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی شەرەف:

ئەم دەزگایە ڕێکخراوی مەدەنی تایبەت بەکاروباری ئەو دیاردەیە لە خۆ بگرێت، توانای باشی بۆ تەرخان بکرێت، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان گەرموگوڕ کاربکەن و چالاکی مەدەنی ئەنجام بدەن بۆ دژایەتی ئەو دیاردەیە و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتی تاکی کورد بە نێر و مێیەوە، ماف و ئەرکی هەردوورەگەز لەسەر بنەمای یەکسانی جێگیر بکەن.

2. دادگای باڵای تاوانەکانی شەرەف:

بەندەکانی جاردانی مافی مرۆڤی تایبەت بەهەردوو ڕەگەز بکرێنە سەرچاوەیەکی سەرەکی دارشتنی دەستوری ئەم دادگایە.

هەگبەی ئەو دوو دەزگایە زۆر هەڵدەگرێت و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێم سنوری سوور بۆ ئەو ڕەفتارە ناشارستانییە دانێت و کۆتایی بەو تراجیدیا خوێناویە بێنێت.... .

نامۆیە گەلێك لە قۆناغی ڕزگاریدا بێت ڕەگەزێکی سەرەکی خۆی بتۆقێنێت!! ئاخر ئەو ڕەگەزە نیوەی کۆمەڵە و جەستەی کۆمەڵیش لەسەر تاکە قاچێك ناوەستێت!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.